ئیشێکە (کارێکە) کە ئەنجام دەدرێت لەلایەن بکەرێکەوە یان وتەیەکە کە پەیوەندی بەو بکەرەوە هەیە یان بوونی شتێک دەردەخات ، وە زۆربەی جار فرمان لە دوای بکەرەوە دێت لە ڕستەدا یان لە دوای فرمانی یارمەتی دەر (یاریدەدەر) (auxiliary verb) ەوە دێت لە ڕستەدا

شێوەکانی فرمان کە لەناو ڕستەدا دێن بە یەکێک لەم شێوانەی لای خوارەوە دێن :

(base, base + s, v.ing, v (past), v (p.p))

Ex: The worker (s.) operates (base + s) the generator (o.)(n.) every night.

Ex: They (s.) play (base) volleyball (o.)(n.) every week.

Ex: Hemn (s.) will (auxiliary verb) buy (base) a car (o.)(n.) tomorrow.

Ex: Hemn has bought a car.

PDF 4 KURD

(s.) auxiliary verb v (p.p) (o.)(n.)

3-Adjective (adj.) : ئاوەڵناو

ئاوەڵناو وشەیەکە کە باس (وصف) ی ناوێک یان ڕاناو (جێناو) ێک دەکات ، وە هەر گیز ئاوەڵناو ناکرێت بە کۆ (plural) ، وە زۆربەی جار لەدوای فرمانەوە دێت و لەپێش ناوەوە دێت ، وە دەتوانرێ بناسرێتەوە بە هۆی یەکێک لەم پاشگرانەی خوارەوە

-ful: cheerful, careful, beautiful…etc.

-less: careless, painless…etc.

-able: capable, advisable, lovable, valuable…etc.

-ible: permissible, visible, sensible…etc.

-ant: important, vigilant…etc.

-ent: sufficient, influent…etc.

-ic: historic…etc.

-ive: creative, native, permissive…etc.

-some: handsome, tiresome…etc.

-ous: ambiguous, famous, dangerous, courageous…etc.

-ly: lovely, friendly…etc.

-ing: amusing, exciting, charming…etc.

-ed: excited, frightened, abashed…etc.

-y: windy, rainy, cloudy, snowy, shiny, sunny, tiny…etc.

-ish: foolish, childish, selfish…etc.

PDF 4 KURD

He is selfish.

I am careful.

We are cheerful.

4- Adverb (adv.) ئاوەڵفرمان (ئاوەڵکار)

ئەو شتەیە کە هەمیشە باس (وصف) ی فرمانی سەرەکی ڕستە دەکات یان وەسفی ئاوەڵناو دەکات یان وەسفی ئاوەڵفرمانێکی تر دەکات ، وە زۆربەی جار لە ئاوەڵناوەوە وەردەگیرێ بە زیاد کردنی پاشگری (ly) بۆ ئاوەڵناوەکە ، وە بە شێوەیەکی سەرەکی ئاوەڵفرمان لە دوای فرمان یان تەواوکەرەوە دێت بۆ نمونە :

ژمارە	ئاوەڵناو	ئاوەڵفرمان
1	careful	carefully
2	happy	happily
3	nice	nicely
4	slow	slowly

وە هەندێک ئاوەڵفرمان هەیە کە ئاوەڵناو و ئاوەڵفرمانەکەی یەک شێوەیە بۆ نمونە :

(fast (adj.) (adv.), well (adj.) (adv.), hard (adj.) (adv.)…etc.)

Examples:

1-He plays football carefully.

2-It rains slowly.

3-The manager spoke with us angrily.

4-He studies silently.

5-She runs fast.

PDF 4 KURD

6-Hemn works hard.

جۆرەکانی ئاوەڵفرمان

چەند جۆرێک لە ئاوەڵفرمان هەیە کە لە خوارەوە نوسیومن :

1-ئاوەڵفرمانی ڕەوشت و هەڵسوکەوت : ئەو ئاوەڵفرمانەیە کە گوزارشت دەکات لە چۆنێتی ڕوودانی ڕووداوێک بۆ نمونە :

1-I closed the window carefully.

2-The soldier fought bravely.

2-ئاوەڵفرمانی کات: ئەو ئاوەڵفرمانەیە کە گوزارشت دەکات لە چۆنێتی کاتی ڕوودانی ڕووداوێک بۆ نمونە:

1-I’m going to leave for Cairo tomorrow.

2-What’s going to happen next?

3-ئاوەڵفرمانی شوێن: ئەو ئاوەڵفرمانەیە کە گوزارشت دەکات لە شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکە بۆ نمونە:

1-I shall stand here.

2-I’ve looked everywhere for my lost pen.

4-ئاوەڵفرمانی دووبارە بوونەوە: ئەو ئاوەڵفرمانەیە کە هەواڵمان پێدەدات دەربارەی ژمارەی جارەکانی ڕوودانی ڕووداوێک بۆ نمونە:

n.	adverbs	meanings
1	always	بەردەوام ، هەمیشە
2	never	هەرگیز
3	occasionally	جارجار ، جارناجارێک

PDF 4 KURD

4	often	زۆرجار
5	rarely	زۆر بەدەگمەن
6	seldom	بەدەگمەن
7	sometimes	هەندێک جار ، هەندێک کات
8	usually	هەمیشە ، عادەتەن

تێبینی : ئەو ئاوەڵفرمانانەی سەرەوە لەدوای فرمانی یاریدەدەر (verb to be)ەوە دێن ، وە لەپێش فرمانی ئاساییەوە دێن بۆ نمونە:

1-Ali is always on time.

2-Ali sometimes reads a book.

Adverbial Clause of Time ڕستەی (ئاوەڵفرمانی) ی کات

Conjunctions ئامرازی بەیەکەوە بەستن

1-when, whenever, as, as soon as, while, after, before, until, since

ئەم ئامرازانەی سەرەوە ڕستەی ئاوەڵفرمانی بەیەکەوە دەبەستێت (کە پەیوەندی بە کاتەوە هەیە) بە ڕستەی سەرەکییەوە بۆ نمونە:

I found a watch. I was walking in the street.

I found a watch while I was walking in the street.

2-where, wherever

ئەم دوو ئاوەڵفرمانەی سەرەوە ڕستەی ئاوەڵفرمانی بەیەکەوە دەبەستێت (کە پەیوەندی بە شوێنەوە هەیە) بە ڕستەی سەرکییەوە بۆ نمونە:

Wherever he goes his brother follows him.

PDF 4 KURD

3-because, since, as

ئەم ئامرازانەی سەرەوە ڕستەی ئاوەڵفرمانی بەیەکەوە دەبەستێت (کە پەیوەندی بە هۆکارەوە هەیە) بە ڕستەی سەرەکییەوە بۆ نمونە:

I stayed at home yesterday because it was raining.

4-as, as if, as through

ئەم ئامرازانەی سەرەوە ڕستەی ئاوەڵفرمانی بەیەکەوە دەبەستێت (کە پەیوەندی بە ڕەوشت و هەڵسوکەوتەوە هەیە) بە ڕستەی سەرەکییەوە.

تێبینی: هەمیشە ئەوەی کە لەدوای (as if) ەوە دێت شتێکی ڕاست نییە بۆ نمونە:

He speaks as if he were a king.

تێبینی ئەو ڕستەیەی سەرەوە بکە کە لەجیاتی (was) دەبینین (were) بەکارهاتووە وە شتێکی ناڕاستە و تەنها خەیاڵە.

It looks as if it would rain.

تێبینی ئەو ڕستەیەی سەرەوە بکە کە (would) بەکارهاتووە لە جیاتی (will) کە ئەمەش ڕابردوویەکی ناڕاستە و تەنهاوتەنها پێشبینییە.

5-that, so that, in order that

ئەم ئامرازانەی سەرەوە ڕستەی ئاوەڵفرمانی بەیەکەوە دەبەستێت (کە پەیوەندی بە مەبەستەوە هەیە) بە ڕستەی سەرەکییەوە.

أ-یاسای (may + infinitive) بەکاردەهێنین کاتێک کە فرمانی ڕستەی سەرەکی ڕانەبردوو یان داهاتوو بێت بۆ نمونە:

He works hard. He wishes to succeed.

He works hard so that he may succeed.

PDF 4 KURD

He works hard that he may succeed.

He works hard in order that he may succeed.

ب-یاسای (might + infinitive) بەکاردەهێنین کاتێک کە فرمانی ڕستەی سەرەکی ڕابردووی سادە بێت بۆ نمونە:

He was walking quickly in order that he might not be late.

Adverbial Clause of Result (نتيجة) ڕستەی (ئاوەڵفرمانی) ی ئەنجام

ئەو دوو یاسایەی خوارەوە بەکادەهێنین بۆ بەستنەوەی ڕستەی ئاوەڵفرمانی (کە پەیوەندی بە ئەنجامەوە هەیە) بە ڕستەی سەرەکییەوە ، وە ئەمانەی خوارەوەش بریتین لە دوو یاسایەکە :

1-so + adjective + that

2-such + adjective + noun+ that

Examples:

The man is so weak that he can not walk.
He wrote such good answers that he got the marks.

though, although

ئەو دووانەی سەرەوە بەکادەهێنین بۆ بەستنەوەی ڕستەی ئاوەڵفرمانی بە ڕستەی سەرەکییەوە (کە هەمان واتایان هەیە و واتاکەشیان ئەمەیە (هەرچەندە ، لەگەڵ ئەوەشدا ، سەرەڕای ئەوەش)) بۆ نمونە:

He is poor. He is happy.

Although he is poor, he is happy.

Though he is poor, he is happy.

PDF 4 KURD

as....as, so......as

ئەو دووانەی سەرەوە بەکادەهێنین بۆ بەستنەوەی ڕستەی ئاوەڵفرمانی (کە پەیوەندی بە بەراورد کردنەوە هەیە) بە ڕستەی سەرەکییەوە بۆ نمونە:

Nabeel is as clever as his father.

Sami is not so strong as his brother.

if, unless

ئەو دووانەی سەرەوە بەکادەهێنین بۆ بەستنەوەی ڕستەی ئاوەڵفرمانی (کە پەیوەندی بە حاڵەت و بارودۆخەوە هەیە) بە ڕستەی سەرەکییەوە بۆ نمونە:

1-If we are ill, we go to bed.

2-If we work hard, we will succeed.

3-If we worked hard, we would succeed.

4-If he had fallen, he would have hurt himself.

5-Unless the rain falls, the crops will not grow.

Active and Passive بکەردیار و بکەرنادیار

مەبەست لە بکەردیار ئەو ڕستەیەیە کە بکەرەکەی دیارە و زانراوە ، وە بکەرنادیار ئەو ڕستەیەیە کە بکەرەکەی دیار نییە یان گرنگییەکی ئەوتۆی نییە ، وە چەند جۆرێک لە ڕستەی بکەردیار و بکەرنادیار هەیە بۆ نمونە:

1-Statements ڕستەی خەبەری

PDF 4 KURD

2-Questions پرسیار کردن

3-Command فەرمان کردن

1 -Statements ڕستەی خەبەری

Example:

Ahmed broke the window yesterday.

ئەو ڕستەیەی سەرەوە بکەردیارە و بکەرەکەشی بریتییە لە (Ahmed) ، وە کاتێک کە دەیکەین بە بکەرنادیار بەو شێوانەی لای خوارەوەی لێدێت

The window was broken yesterday.

The window was broken (by Ahmed) yesterday.

وە ئێستا ڕستەکە بووەتە بکەرنادیار و بکەرەکەی نادیارە ، وە دەتوانین (by + subject) بنوسینەوە ڕاستەوخۆ لەدوای ئەو فرمانەی کە شێوەی سێیەمیەتی.

بۆ گۆڕینی ڕستەی بکەردیار بۆ ڕستەی بکەرنادیار کە ڕستەکە خەبەری بێت ئەوا ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە دەنێین:

1-تەواوکەر (مفعول بە) (object) دەخەینە سەرەتای ڕستەکەوە ، وە تەواوکەریش بریتییە لەو وشەیەی کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە دوای فرمانی سەرەکی ڕستەکەوە.

2-بەپێی تاک و کۆی تەواوکەرەکە و کاتی ڕستەکە (verb to be) یەکی گونجاو هەڵدەبژێرین و دایدەنێین ڕاستەوخۆ لەدوای تەواوکەرەوە ، بۆ نمونە ئەگەر تەواوکەرەکە تاک بوو و کاتی ڕستەکەش ڕانەبردوو بوو ئەوا (is) دادەنێین ، وە ئەگەر تەواوکەرەکە تاک بوو و کاتی ڕستەکەش ڕابردوو بوو ئەوا (was) دادەنێین ، وە ئەگەر تەواوکەرەکە کۆ بوو و کاتی ڕستەکەش ڕانەبردوو بوو ئەوا (are) دادەنێین ، وە ئەگەر تەواوکەرەکە کۆ بوو و کاتی ڕستەکەش ڕابردوو بوو ئەوا (were) دادەنێین ، وە ئەگەر کاتی ڕستەکە داهاتوو بوو یان

PDF 4 KURD

بەردەوام بوو ئەوا جیاوازی هەیە لە کردنی بە بکەرنادیار کە لە خوارەوە بە هەندێک نمونە ڕوون کراونەتەوە.

3-فرمانی سەرەکی ڕستەکە دەخەینە سەر شێوەی سێیەمی فرمان (past participle) .

4-دەتوانین (by + subject) دابنێین لەدوای شێوەی سێیەمی فرمانەکەوە وە دەشتوانین داینەنێین.

5-پاشان ئەگەر هەبوو پاشماوەی ڕستەکە دەنوسینەوە بەبێ گۆڕانکاری.

بکەردیار	بکەرنادیار
Ali writes letters.	Letters are written (by Ali).
Huda wrote the lesson.	The lesson was written (by Huda).
Saleh will buy a car.	A car will be bought (by Saleh).
Khaled is helping Ahmed.	Ahmed is being helped (by Ali).
She has eaten the apple.	The apple has been eaten (by her).

حاڵەتەکانی (verb to be) لەگەڵ کاتە جیاوازەکان لە ڕستەی خەبەریدا

Am, is, are	ڕانەبردووی سادە
Was, were	ڕابردووی سادە
Shall be, will be	داهاتووی سادە
Am being, is being, are being	ڕانەبردووی بەردەوام
was being, were being	ڕابردووی بەردەوام
has been, have been	ڕانەبردووی تەواو
Had been	ڕابردووی تەواو
can be, could be, may be, might be, must be, ought to be	هەموو فرمانێکی

PDF 4 KURD

یاریدەدەر	

2-Questions پرسیار کردن

بۆ گۆڕینی ڕستەی بکەردیار بۆ ڕستەی بکەرنادیار کە ڕستەکە پرسیاری بێت ئەوا ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە دەنێین:

1-تەواوکەر (مفعول بە) (object) دەخەینە سەرەتای ڕستەکەوە ، وە تەواوکەریش بریتییە لەو وشەیەی کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە دوای فرمانی سەرەکی ڕستەکەوە.

2-بەپێی تاک و کۆی تەواوکەرەکە و کاتی ڕستەکە (verb to be) یەکی گونجاو هەڵدەبژێرین و دایدەنێین لە سەرەتای ڕستە پرسیارییەکەوە ، بۆ نمونە ئەگەر تەواوکەرەکە تاک بوو و کاتی ڕستەکەش ڕانەبردوو بوو ئەوا (is) دادەنێین ، وە ئەگەر تەواوکەرەکە تاک بوو و کاتی ڕستەکەش ڕابردوو بوو ئەوا (was) دادەنێین ، وە ئەگەر تەواوکەرەکە کۆ بوو و کاتی ڕستەکەش ڕانەبردوو بوو ئەوا (are) دادەنێین ، وە ئەگەر تەواوکەرەکە کۆ بوو و کاتی ڕستەکەش ڕابردوو بوو ئەوا (were) دادەنێین ، وە ئەگەر کاتی ڕستەکە داهاتوو بوو یان بەردەوام بوو ئەوا جیاوازی هەیە لە کردنی بە بکەرنادیار کە لە خوارەوە بە هەندێک نمونە ڕوون کراونەتەوە.

3-فرمانی سەرەکی ڕستەکە دەخەینە سەر شێوەی سێیەمی فرمان (past participle) .

4-دەتوانین (by + subject) دابنێین لەدوای شێوەی سێیەمی فرمانەکەوە وە دەشتوانین داینەنێین.

5-پاشان ئەگەر هەبوو پاشماوەی ڕستەکە دەنوسینەوە بەبێ گۆڕانکاری.

بکەرنادیار	بکەردیار
Are letters written (by Ahmed)?	Does Ahmed write letters?

PDF 4 KURD

Did he eat the cake?	Was the cake eaten (by him)?
Will Ali buy a new car?	Will a new car be bought (by Ali)?
Who broke the window?	By whom the window was broken?

3-Command فەرمان کردن

بۆ گۆڕینی ڕستەی بکەردیار بۆ ڕستەی بکەرنادیار کە ڕستەکە فەرمان کردن (أمر) بێت ئەوا ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە دەنێین:

1-وشەی (let) دابنێ لە سەرەتای ڕستەکەوە.

2-پاشان (object) دابنێ.

3-پاشان (verb to be) دابنێ بە هەمان کاتی ڕستەکە ، وە شێوەی فەرمان کردنەکەی دابنێ کە بریتییە لە (be) .

4-پاشان فرمانی سەرەکی دابنێ و بیخەرە سەر شێوەی سێیەم (التصريف الثالث).

وا هەندێک نمونە لە خوارەوە دەنوسین بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە:

بکەردیار	بکەرنادیار
Write the lesson.	Let the lesson be written.
Open the door.	Let the door be opened.
Send this letter to your friend.	Let this letter be sent to your friend.

تێبینی : جاری وا هەیە ڕستەیەک نەرێیە یان بەشێوەی کلکەپرسیارە (tag question) ، لەم حاڵەتەدا پێویستە پارێزگاری بکەین لە شێوازی پرسیارەکە یان کلکەپرسیارەکە ، کاتێک دەیگۆڕین بۆ بکەرنادیار ، بۆ نمونە:

PDF 4 KURD

بکەرنادیار	بکەردیار
Letters are not written.	Ali does not write letters.
Those novels were written by Dickens, weren't they?	Dickens wrote those novels, didn't he?
That play wasn't written by Dickens, was it?	Dickens didn't write that play, did he?

فرمانی تێپەڕ و فرمانی تێنەپەڕ Transitive and Intransitive Verbs

1-فرمانی تێنەپەڕ (لازم) : ئەو فرمانەیە کە تەواوکەر (مفعول بە) (object) وەرناگرێت و پێویستی پێی نییە ، وە ئەو ڕستانەی کە ئەم جۆرە فرمانانەیان تیادایە ناکرێن بە بکەرنادیار چونکە (مفعول بە) تیایاندا نییە بۆ نمونە:

1-The sun rises.

2-I wake up at 7 o'clock.

3-He runs towards us.

4-She goes to school.

2-فرمانی تێپەڕ (متعدی) : ئەو فرمانەیە کە تەواوکەر (مفعول بە) (object) وەردەگرێت و پێویستی پێیەتی ، وە جاری وا هەیە زیاتر لە یەک (مفعول بە) وەردەگرێت ، وە ئەو ڕستانەی کە ئەم جۆرە فرمانانەیان تیادایە دەکرێن بە بکەرنادیار چونکە (مفعول بە) تیایاندا هەیە بۆ نمونە:

Ahmed gave Huda a flower.

تێبینی ئەو ڕستەیەی سەرەوە بکە کە دوو (مفعول بە) وەرگرتووە کە یەکێکیان (Huda) یە و ئەوی تریان (a flower) ە.

وە کاتێک کە ڕستەیەک کە زیاتر لە یەک (مفعول بە) وەردەگرێت بەو شێوەیەی لای خوارەوە دەکرێت بە بکەرنادیار:

PDF 4 KURD

a)Huda was given a flower (by Ahmed).

b)A flower was given to Huda (by Ahmed).

تێبینی بکە کە (to) بەکارهاتووە بۆ (object) ی ژێر کە (Huda) یە.

5-Preposition ئامڕازی پەیوەندی (حرف جر)

ئامڕازی پەیوەندی : ئەو وشەیەیە کە کە بەکاردەهێنرێ لەگەڵ ناوەکان و ڕاناوەکان بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوانیان و وشەی دووەم بۆ گوزارشت کردن و تەعبیر لە ئامانجێک یان هۆکارێک یان شوێنێک یان کاتێک (زمن) یان هۆکارێک ، وە ئامڕازی پەیوەندی پەیوەندی بکەر بە (object) ەوە نیشان دەدات ، وە ئامرازی پەیوەندی جۆری زۆرە ، وە بۆ یەک ئامرازی پەیوەندی زیاتر لە یەک مانا هەیە کە ئەویش بەپێی ئەو شوێنەیە کە لە ڕستەدایە ، وە ڕێگای نمونەیی بۆ فێربوونی ئامرازە پەیوەندییەکان برتییە لە ڕاهێنان (تدريب) لەسەریان لەناو ڕستەدا نەک بە تەنها و بەجیاکراوەیی ، وە ئامرازی پەیوەندی کات و شوێنمان هەیە.

Examples: at, in, on, from, with, about, under, in front of, to, behind, between, near, opposite, into, onto, off, out off, across, over, above, under, below, through, among, round, on top of, at the side of, along, next to.

-I left my keys on the table for you.

بەکارهێنانەکانی ئامڕازی پەیوەندی

ئامڕازی پەیوەندی	بەکاردەهێنرێ لەگەڵ	نمونە
	day ڕۆژەکانی هەفتە	on Monday
	day + (morning, night)	On Friday morning

PDF 4 KURD

	ڕۆژەکانی هەفتە + ماوەیەک	
	date بەروار	My birthday is on June 10.
	special days ڕۆژە تایبەتەکان	I will travel on National Day.
on	to mean above بە واتای لەسەر	The tea is on the table. The knife is on the table.
	TV لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن	Ali watches football on TV every Saturday.
	time کاتێکی دیاریکراو	He arrives on time.
	season وەرز ، فصل	The trees grow in spring.
	year ساڵ ، سنة	I was born in 1968.
	month مانگ ، شهر	The test is in May.
	the morning بەیانی ، الصباح	I go to work in the morning.
	the evening ئێوارە ، المساء	I go home in the evening
	to mean inside بە واتای لەناوەوە	He is in the mosque. Put this book in the box. The medicine is in the bottle.
in	in a country لە وڵاتێکدا	I live in Saudi Arabia.
	in a town/in a street لە شارێکدا / لە شەقامێکدا	I live in Al-Madina.
	in bed لەناو جێگای نوستندا	The baby is in bed.
	in a building or area لە ناوچەیەکدا یان لە ڕووبەرێکدا	You were in the building last night.
	in a chair لەسەر کورسی	Ali is sitting in his chair.
	time کات ، الوقت	I will come back at 2 o'clock.
	festival جەژنەکان و ئاهەنگەکان	I will meet you at the school festival.
	meal times کاتەکانی نان خواردن	I will talk to my father at

PDF 4 KURD

at		lunch.
	the weekend کۆتایی هەفتە	We will travel at the weekend.
	noon نیوەڕۆ	We pray at noon every day.
	night شەو	We sleep at night.
	place لەگەڵ شوێن	He is at the grocer's.
	لە شوێنێکی دیاری کراو	He lives at number 5, King Fahad Street.
	at work لە ئیش دا	Ahmed is at work.
	at the table لەسەر مێز	They are standing at the dinner table
	لەلای ، لە نزیک	Someone is at the door.
under	لە ژێر ، لە ژێرەوە	The cat is under the table. The fire is under (below) the stairs.
In front of	لەبەردەم ، لەپێشەوە	The teacher is in front of the class. The child is sitting in front of the TV.
to	direction/place بە ئاڕاستەی ، بۆ شوێنێک	I go to school every day.
with	بە لەگەڵ	I write with a pen. I go with you.
from	لە	I am from Riyadh.
behind	لە پشتەوە ، لە پشت	The wall is behind the class. The headmaster is sitting behind the pupils.
between	لەنێوان دوو شتدا	Samah is sitting between Fatima and Salwa. The house is between the school and the mosque.

PDF 4 KURD

near	نزیک لە ، لە نزیک	Ahmed is sitting near the window.
opposite	بەرامبەر ، مقابل	The bank is opposite to the post office.
into	بۆ (ناوەوە) ، لە (بارێکەوە بۆ بارێکی تر)	The electrician is putting his hand into the TV.
onto	بەرو ژوور ، لەسەر	The water is spilling onto the floor.
off	لەسەر	The man is falling off the chair.
out of	لەسەر	The child is falling out of the window.
across	بەدرێژی	The carpenter cut across the wood.
above	لەسەر	The light is over (above) the table.
over	لەسەر	The light is over (above) the table.
below	لەژێر	The fire is under (below) the stairs.
through	بەناو	The ball is going through the window.
among	لەنێوان زیاتر لە دووشت	The teacher is sitting among the students.
round	بە دەوری	The car is going round the tree.
on top of	لەسەر	The sweets are on top of the table.
at the side of	لە تەنیشت	The garage is at the side of the house.
along	بەدرێژایی ، علی طول	The man is walking along the street.
Next to	لە تەنیشت ، دراوسێ	The bank is next to the baker's.

PDF 4 KURD

هەندێک ڕوونکردنەوەی زیاتر سەبارەت بە ئامڕازی پەیوەندی:

1-(about) چەند مانایەکی هەیە وەک :

أ-بە واتای (دەربارەی ، سەبارەت بە) دێت بۆ نمونە :

1-She is talking about me. ئەو دەدوێت دەربارەی (سەبارەت بە) من

2-What are you talking about? دەربارەی چی قسە دەکەیت (دەدوێیت)؟

ب-کاتێک قسە دەکەین دەربارەی شتێک بە واتای (بە) یان (لە) دێت بۆ نمونە:

1-I dream about tomorrow. من خەون دەبینم بە سبەینێوە

2-I think about my future. من بیردەکەمەوە لە داهاتووم

ت- بە واتای (نزیکەی) (تقریبا) (approximately) دێت بۆ نمونە:

How old are you? تەمەنت چەندە؟

I am about 20 years old. تەمەنم نزیکەی بیست ساڵە

ث-بە واتای (بە دەوری) (حول) (around, round) دێت بۆ نمونە:

The earth moves (around/round/about) the sun. خۆر بە دەوری زەویدا دەسوڕێتەوە

2-(at) واتە (لە ، لەلای) ئەمیش چەند مانا و مەبەستێکی هەیە:

أ-بۆ گوزارشت کردن لە شوێنێکی دیاریکراو بە گشتی بە واتای (لە ، لەلای) بۆ نمونە:

The children were at home. منداڵەکان لە ماڵەوە بوون

PDF 4 KURD

I was at Ali's house. من لەلای ماڵی عەلی بووم

ب-بۆ گوزارشت کردن لە کاتێکی دیاریکراو بۆ نمونە:

The game starts at 7:30 o'clock.

واتاکەی : یارییەکە دەست پێدەکات لە کاتژمێر حەوت و نیو

ت-بۆ گوزارشت کردن (تعبیر) لە ساتێک (لحظة) ی دیاریکراو بۆ نمونە:

at the moment, at lunch time , at midday , at the present time ...etc.

ث-لەگەڵ ژمارەکان بەکاردەهێنرێت وەکو (خێرایی (السرعة) ، تەمەن (العمر) ، نرخ (السعر)) بۆ نمونە:

You can drive at 100 mph.

واتاکەی : تۆ دەتوانیت سەیار لێبخوڕیت بە خێرایی 100 میل لە کاتژمێرێکدا

ج-بە واتای (بەرەو (نحو) ، بەئاڕاستەی (بإتجاه)) دێت بۆ نمونە:

He threw a stone at me. ئەو کوڕە بەردێکی هاویشت (هەڵدا) بەرەو من

ح-لەگەڵ فرمانی (تەماشا بکە ، سەیربکە، بڕوانە) (look) بەکاردەهێنرێ بۆ نمونە:

Look at me. سەیرم بکە

(by)-3 بە چەند مانایەک دێت وەکو:

أ-بە واتای (نزیک لە ، لە نزیک ، بەتەنیشت ، لەتەنیشت) دێت بۆ نمونە:

There is a policeman standing by my car.

واتاکەی : لەوێ پۆلیسێک هەیە کە وەستاوە لە نزیک سەیارەکەی من

PDF 4 KURD

ب-بۆ گوزارشت کردن لە هۆکارێک بە واتای (لەڕێگای) بەتایبەتی لە هۆکاری گواستنەوە بۆ نمونە:

The thief must have left the building by the back door.

واتاکەی : دزەکە پێویستە لەسەری کە بیناکە بەجێبهێڵێت لە ڕێگای دەرگای پشتەوە

ت-بۆ گوزارشت کردن لە دووبارە بوونەوە بۆ نمونە:

1-I drink tea sip by sip. من چا دەخۆمەوە قوم قوم (قوم لەدوای قوم)

2-Enter one by one. بڕۆنە ناوەوە یەک یەک (یەک لەدوای یەک)

ث-بە واتای (لەلایەن) دێت لەکاتی دروستکردنی ڕستەی بکەرنادیار لەکاتێکدا لەدوای ئەو فرمانەوە دەنوسرێت کە کراوەتە سەر شێوەی سێیەم (التصريف الثالث) بۆ نمونە:

The door was opened by Ali. دەرگاکە کرایەوە لەلایەن عەلییەوە

ج-بۆ گوزارشت لە کات وە بە واتای (لەماوەی) یان (لەپێش) دێت بۆ نمونە:

The photographs will be ready by 5 May.

واتاکەی : وێنەکان ئامادە دەبن لەماوەی یان لەپێش 5 ی مانگی پێنج

ح-دەتوانرێ لەسەر شێوەی (by + verb + ing) بێت بۆ نمونە:

We can increase production by improving wages.

واتاکەی : دەتوانین بەرهەمەکە زیاد بکەین لەڕێگای چاککردنی مووچەکانەوە

By improving wages, we can increase production.

واتاکەی : لەڕێگای چاککردنی موچەکانەوە ، دەتونین بەرهەمەکە زیاد بکەین

4-(due to) بۆ گوزارشت لە هۆکاری شتێک بۆ نمونە:

His success was due to his hard work.

PDF 4 KURD

واتاکەی : سەرکەوتنەکەی بەهۆی زۆر چاک ئیش کردنییەوە بوو

5-(for) بە چەند واتایەک دێت وەک :

أ-بە واتای (لەبەر (لأجل)) دێت بۆ نمونە:

I am working for you. من ئیش دەکەم لەبەر ئێوە

ب-بە واتای (بۆ ماوەی) دێت بۆ نمونە:

I will live here for five days. من لێرە دەژیم بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ

ج-بە واتای (بۆ) دێت بۆ نمونە:

Did you vote for the President? دەنگت دا بۆ سەرۆکەکە؟

6-(from) بە چەند واتایەک دێت بۆ نمونە:

أ-بۆ گوزارشت کردن لە سەرەتای ماوەیەکی کاتی دیاریکراو بەکاردەهێنرێ بە واتای (لە) دێت بۆ نمونە:

She lived in New York from 1995 to 1998.

واتاکەی : ئەو ژیا لە نیویۆرک لە ساڵی (1995) ەوە بۆ ساڵی (1998)

ب-بۆ گوزارشت کردن لە جوڵەیەک بە واتای (لە) دێت بۆ نمونە:

He moved from Canada. ئەو لە کەنەداوە هاتووە (خۆی نقڵ کردووە)

ج-بۆ گوزارشت لە وڵاتێک (منشأ) بۆ نمونە:

Where did you come from? تۆ لەکوێوە هاتوویت؟

I came from Paris. من لە پاریسەوە هاتووم

PDF 4 KURD

7-(in) چەند واتایەکی هەیە وەک:

أ-بە واتای (لەناو) یان (لە) دێت بۆ نمونە:

He is in the car. ئەو لەناو (لە) سەیارەکەدایە

ب-لەگەڵ ناوەکانی مانگەکان و ساڵەکان و وەرزەکان بەکاردەهێنرێ بۆ نمونە:

Ali was born in March. عەلی لەدایکبووە لە مانگی سێ (مارس ، ئازار)

Ali was born in 1990 AD. عەلی لەدایکبووە لە ساڵی (1990) ی لەدایکبوون

Ali left the city in summer. عەلی شارەکەی بەجێهێشت لە هاویندا

ت-لەپێش ناوی (واتایی) دا بەکاردەهێنرێ بۆ نمونە:

Romeo was in love with his wife. ڕۆمیۆ لە خۆشەویستیدایە لەگەڵ ژنەکەیدا

The passengers are in danger. گەشتیارەکان لە مەترسیدان

ث-بۆ گوزارشت کردن لە شوێنێکی دیاریکراو بۆ نمونە:

I am in Damascus. من لە دیمەشقم

8-(into) بە چەند واتایەک دێت وەک:

أ-بە واتای (بەرەو ، بەئاڕاستەی) دێت بۆ نمونە:

He went into the room. ئەو کورە دەڕوات بەرەو ژوورەکە

ب-لەکاتی گۆڕانکاریدا لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر بە واتای (بۆ) دێت بەتایبەتی لەگەڵ فرمانی (divide) بۆ نمونە:

Airports divide into local and international.

واتاکەی : فرۆکەخانەکان دابەش دەبن بۆ ناوخۆیی و نێودەوڵەتی

PDF 4 KURD

9-(of) چەند واتایەک و چەند بەکارهێنانێکی هەیە وەک:

أ-بۆ گرێدان و ڕەبط لەنێوان (مضاف و مضاف إليه) بۆ (خاوەنێتی) بۆ نمونە:

The Queen of Spain. شاژنی ئیسپانیا

The owners of the car. خاوەنەکانی سەیارەکە

ب-بۆ گوزارشت کردن لە بەشێک لە کۆمەڵەیەک بۆ نمونە:

A part of the cake بەشێک لە کێکەکە

An apple of the box یەک سێو لە کارتۆنەکە

ت-بۆ گوزارشت لە چەندێتی (الكميات) بۆ نمونە:

a lot of noise, a liter of oil, dozens of eggs, thousands of babies

10-(on) بە چەند واتایەک دێت وەک:

أ-بە واتای لەسەر (فوق ، على) دێت بۆ نمونە:

The books are on the table. پەڕتوکەکان لەسەر مێزەکەن

ب-بۆ گوزارشت کردن لە هۆکارەکانی گواستنەوە بۆ نمونە:

I go to work on the bus. دەڕۆم بۆ ئیش بە پاس

ت-لەگەڵ ڕۆژەکانی هەفتە و لەگەڵ ڕۆژەکانی مانگ بەکاردەهێنرێ بۆ نمونە:

We will travel on Friday. من سەفەر دەکەم لە ڕۆژی (جمعة)

We will travel on 9th July. من سەفەر دەکەم لە ڕۆژی (9) ی مانگی حەوت

ث-لەگەڵ بەرواردا (التواريخ) بەکاردەهێنرێت بۆ نمونە:

PDF 4 KURD

This chocolate will expire on 1/10/2006 AD.

واتاکەی : چکلێتەکە بەسەردەچێت لە ڕۆژی (1) ی مانگی (10) ی ساڵی (2006) ی لەدایکبوون

ج-بە واتای (هەیە لە) یان (هەیە لەسەر) دێت بۆ نموونە:

Although this computer is cheap, it is one of the best machines on the market.

واتاکەی : هەرچەندە ئەم کۆمپیوتەرە هەرزانە بەڵام یەکێکە لە باشترین ئامێرەکان کە هەیە لە بازاڕ

This program displays all sites on the internet.

واتاکەی : ئەم بەرنامەیە پیشانی دەدات هەموو سایتەکان کە هەیە لەسەر ئینتەرنێت

11-(to) بە چەند مانایەک دێت بۆ نموونە:

أ- بە واتای (بۆ) یان (بۆ لای) دێت بۆ نموونە:

Come to me. وەرە بۆلای من

He went to Canada from 1990 to 1995.

ئەو کوڕە ڕۆیشت بۆ کەنەدا لە ساڵی (1990) ەوە بۆ ساڵی (1995)

تێبینی : لەکاتی وتنی وەرە بۆ ئێرە پێویست بە وشەی (to) ناکات و دەڵێین:

Come here. وەرە بۆ ئێرە (ڕاستە)

Come <u>to</u> here. وەرە بۆ ئێرە (هەڵەیە)

ب-ئەگەر لەسەر شێوەی (to + verb base) هات ئەوا بە واتای (بۆ ئەوەی) یان (بۆ) دێت بۆ نموونە:

PDF 4 KURD

I went to a restaurant to eat. ڕۆیشتم بۆ چێشتخانە بۆ ئەوەی بخۆم

To win you have to train well.

واتاکەی : بۆ ئەوەی سەرکەویت پێویستە لەسەرت کە بەباشی ڕاهێنان بکەیت

ت-ئەگەر لەسەر شێوەی (to + have + p.p.) هات ئەوا مانی (بۆ ئەوەی) دەگەیەنێت بەس لە ڕابردوودا بۆ نمونە:

I am delighted to have met your father yesterday.

واتاکەی : من دڵخۆشم چونکە دوێنی چاوم کەوت بە باوکت

ث-بەکاردەهێنرێ بۆ نەرێ کردنی ئەو دوو حاڵەتەی پێشەوە بە دانانی (not) لەپێش (to) بۆ نمونە:

Not to lose you have to train well.

واتاکەی : بۆئەوەی نەدۆڕێیت پێویستە لەسەرت بەباشی ڕاهێنان بکەیت

I told you not to go skating. پێم وتیت کە نەڕۆیت بۆ بەفرە خلیسکێ

We are sorry not to have met your wife yesterday.

واتاکەی : ئێمە بەداخەوەین کە تۆ نەت توانی چاوت بە خێزانت بکەوێت

ج-بۆ دروستکردنی بکەرنادیار لە خاڵی (ب) دروستکردنی لەسەر شێوەی (to + verb + p.p.) ، وە لە خاڵی (ت) دا دروستدەکرێ لەسەر شێوەی (to + have + been + p.p.) ، وە لە حاڵەتی (ث) دا دروستدەکرێ لەسەر شێوەی (not + to + be + p.p.) بۆ نمونە:

Everyone likes to be admired.

واتاکەی : هەموو کەسێک حەز دەکات کە خەڵک پێی موعجیب بن

The building appears to have been repainted.

واتاکەی : بیناکە وا دەردەکەوێت کە بۆیاخ کرابێتەوە

Not to be deceived you have to be careful.

واتاکەی : بۆ ئەوەی هەڵنەخەڵەتێنرێیت پێویستە وریا بیت

ح-ئەگەر کەوتە نێوان دوو فرمانەوە ئەوا زۆربەی جار واتای (کە) دەگەیەنێت بۆ نمونە:

I want to go. دەمەوێت کە بڕۆم

I want you to go with me. دەمەوێت کە تۆ لەگەڵم بڕۆیت

I think to write a story. بیردەکەمەوە کە چیرۆکێک بنوسم

I want to see him. دەمەوێت کە ئەو ببینم

12-(up to) بەکاردەهێنرێ بۆ گوزارشت کردن لە شوێن و کات بە واتای (تاوەکو ، هەتا ، هەتاوەکو) دێت بۆ نمونە:

I will stay here up to Saturday. لێرە دەمێنمەوە هاتوەکو ڕۆژی شەممە

I walked up to the tree. ڕۆیشتم تاوەکو دارەکە

I will stay here up to Saturday.

13- (until) بەکاردەهێنرێ بۆ گوزارشت کردن تەنها لە (کات) ، وە هەروەها بە شێوەی (till) یش دەنوسرێت وە هەردووکیشیان بە واتای (هەتا ، هەتاوەکو ، هەتاکو) بۆ نمونە:

I will stay here (until/till) Saturday. من لێرە دەمێنمەوە هەتا ڕۆژی شەممە

14-(with) بە چەند مانایەک دێت وەک:

أ-بە واتای (لەگەڵ) دێت و هەمان واتای (together) ی هەیە بۆ نمونە:

1-She went with her father. ئەو کچە ڕۆیشت لەگەڵ باوکی

PDF 4 KURD

2-I am with you. من لەگەڵ تۆم

ب-بە واتای (بە) دێت بۆ نمونە:

I write with a pen. بە قەڵەمێک دەنوسم

هەندێک تێبینی گرنگ لەسەر ئامڕازە پەیوەندییەکان

1-لە زمانی ئینگلیزیدا ناو و ڕاناو لەدوای ئامڕازی پەیوەندییەوە دێن و دەبنە تەواوکەر (مفعول) بۆ ئامڕازی پەیوەندی ، وە ئەگەر ئەم ڕاناوە تەواوکەر بوو دەتوانین بیگۆڕین بۆ ڕاناوی (نصب) و (جر) ی ئەمانەی لای خوارەوە:

me, you, him, her, it, us, them

2-ئەگەر لەدوای ئامڕازی پەیوەندی (to) ەوە فرمان هات پێویستە فرمانەکە چاوگ (infinitive) بێت ، نابێت (s) ی کەسی سێیەمی پێوە بێت و نابێت (ing) ی پێوە بێت

هەندێک هەڵەی باو لەکاتی بەکارهێنانی ئامڕازە پەیوەندییەکان

زۆرێک لە هەڵە هەیە کە لە ئامڕازی پەیوەندیدا هەیە کە دەیکەین بەتایبەتی لەکاتی بەکارهێنانی ئامڕازە پەیوەندییەکان بەتایبەتی لەکاتی وەرگێڕانی پیتی (الترجمة الحرفي) ، وە لە دیارترینی ئەو هەڵانەش :

1-هەڵە لەکاتی بەکارهێنانی ئامڕازی پەیوەندی لەکاتێکدا پێویستی پێی نییە بۆ نمونە:

1-Please answer <u>to</u> my question. هەڵەیە

Please answer my question. ڕاستە (تکایە وەڵامی پرسیارەکەم بدەرەوە)

2-I finished <u>from</u> my work. هەڵەیە

PDF 4 KURD

I finished my work. ڕاستە (ئیشەکەمم تەواو کرد)

3-He needs to a pen. هەڵەیە

He needs a pen. ڕاستە (پێویستم بە قەڵەمەێکە)

4-She reached to the school. هەڵەیە

She reached the school. ڕاستە (ئەو کچە گەیشتە قوتابخانە)

5-They entered to the room. هەڵەیە

They entered the room. ڕاستە (ئەوان هاتنە ژوورەکەوە)

6-We will visit him in the next day. هەڵەیە

We will visit him the next day. ڕاستە (ئێمە سەردانی ئەو دەکەین ڕۆژی دواتر)

6-Conjunction (conj.) ئامرازی پێکەوە بەستن

دوو وشە یان دوو بیرۆکە یان دوو گرێ بەیەکەوە دەبەستێت ، وە پیشانی دەدات کە چۆن بەیەکەوە بەستراون

Examples: and هەروەها ، وە, or یان, because لەبەرئەوەی ، چونکە, but بەڵام ، بەڵکو, yet هێشتا, so لەبەرئەوە ، بۆیە, both پێکەوە ، هەردووکیان, either یان, while لەکاتێکدا, when کاتێک, what بەئەندازەی ئەوە, neither…nor نە ئەمە نە ئەوە, then پاشان, as well as بەو شێوەیە وە,

notwithstanding سەرەڕای ئەوەی کە

I was tired and busy but I did the work.

شێوازی دروستکردنی ئامڕازی پەیوەندی

PDF 4 KURD

1-ئەم دوو ڕستەیەی لای خوارەوە بەیەکەوە ببەستە بە (and) و (or) :

She is smart. He is smart. ئەو کچە زیرەکە. ئەو کوڕە زیرەکە

لەکاتی بەیەکەوە بەستنی ئەو دوو ڕستەیەدا بە (and) یان (or) ئەوا وشە هاوبەشەکان دەسڕینەوە و لایان دەبەین لە ڕستەی دووەمدا ، وە دوو ڕستەکە بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت:

She and he are smart. ئەو کچ و کوڕە زیرەکن

تێبینی ئەوە بکە کە (are) مان بەکارهێنا لە جیاتی (is) چونکە (she and he) بووەتە کۆ.

She or he is smart. ئەو کچە یان ئەو کوڕە زیرەکە

2-لەکاتی بەیەکەوە بەستنی چەند ناوێک (لە دوو ناو زیاتر) بە (and) ئەوا ڕستە دەنوسرێ بەو شێوەیەی لای خوارەوە

My hobbies are swimming, reading, programming and exploring.

واتاکەی : هیواتەکانی من بریتین لە مەلە کردن ، خوێندنەوە ، بەرنامە دانان و بەدوادا گەڕان

My hobbies are swimming and reading and programming and exploring. ئەم ڕستەیە هەڵەیە بەم شێوەیەی کە نوسراوە ئەوەی سەرەوە ڕاستە

3-ئامڕازی پێکەوەبەستنی (and) دەخەینە پێش ناوی کۆتایی .

4-هەندێک نمونە لەسەر ئامڕازی پێکەوە بەستن :

1)She is studying both English and French.

واتاکەی : ئەو کچە سەعی ئینگلیزی و فەڕەنسی پێکەوە دەکات

2)Neither she nor her sister were in the party.

واتاکەی : نە ئەو کچە وە نە خوشکەکەی لە ئاهەنگەکە نەبوو

PDF 4 KURD

3)Meet her first then take your decision.

واتاکەی : ئەو کچە ببینە پاشان بڕیار بدە

4)He as well as you is tired.

واتاکەی : ئەو کورە بە شێوەی تۆ ماندووە

5)Kill him (or else/otherwise) he will kill you.

واتاکەی : بیکوژە ئەگەرنا ئەو دەتکوژێت

تێبینی : لەکاتی بەیەکەوە بەستنی ڕاناوی (i) بە ڕاناو یان ناوێکی تر ئەوا ئامرازی بەیەکەوە بەستن دەکەوێتە پێش (i) و ناکەوێتە دوایەوە بۆ نمونە:

1-I and he are going. هەڵەیە

He and I are going. ڕاستە

2-I or he is going. هەڵەیە

He or I is going. ڕاستە

7-Interjection (inter.) ئامرازی سەرسوڕمان

وشەیەکە یان گرێیەکە کە گوزارشت (تعبیر) دەکات لە هەست و سۆز و هەڵچوونێکی بەهێز وەک خۆشەویستیەکی زۆر یان تورەییەکی زۆر یان بەگشتی هەستکردنێکی بەهێزە ، وە سەسوڕمانێکی کورتە.

Examples: ouch! , hey! , oh! , watch out! , wow!

Wow! I passed my English exam.

PDF 4 KURD

8-Article أداة

لێرەدا سێ (أداة) مان هەیە کە ئەوانیش بریتین لە (a, an, the)

1-پیتی (a) بەکاردەهێنرێت لەپێش ناوێکی تاکی ژمێرراو کە بە نەبزوێن دەستی پێکردبێت یان بە دەنگێکی نەبزوێن دەستی پێکردبێت.

For instance:

a dog, a cat, a deer, a box, a tree, a pen, a pencil, a table, a house, a blackboard, a whiteboard, a shelf, a zebra, a bottle…etc.

Examples:

1-There is a bottle on the table.

2-It is a cat in the room.

2-دوو پیتی (an) بەکاردەهێنرێت لەپێش ناوێکی تاکی ژمێرراو کە بە بزوێن دەستی پێکردبێت یان بە دەنگێکی بزوێن دەستی پێکردبێت.

For instance:

an apple, an umbrella, an hour, an institute…etc.

Examples:

1-There is an apple on the table.

2-It is an umbrella.

ئێمە (a, an) بەکار دەهێنین :

1-لەپێش ناوی تاکی ژمێرراو بەکار دەهێنرێت بۆ نمونە (an egg, a table) .

2-بەکار دەهێنرێ لەپێش پیشەیەک (وظیفة) یان کۆمەڵێکی دیاری کراو لە خەڵک یان ڕەگەزنامە (جنسیة) بۆ نمونە :

Saleh is a doctor

PDF 4 KURD

He is an engineer.

She is an English women.

3-لەگەڵ ئەو ژمارانە بەکاردەهێنرێن کە واتای هەموو (کل) دەبەخشن

He washes his hands ten times a day. (means every day)

4-ناتوانین هیچ ئامڕاز (أداة) ێک بەکاربهێنین لەگەڵ ناوی واتایی (معنوی) و ناوی کانزاکان (معادن) بۆ نمونە : Love, beauty, hatred, wood, silver, gold

5-ناتوانین هیچ ئامڕاز (أداة) ێک بەکاربهێنین لەپێش ناوی کۆ یان ناوی نەژمێرراو بۆ نمونە :

There are books on the table.
Milk is good for you.

3-وشەی (the) بریتییە لە ئامرازی ناساندن و واتە (ەکە) ، وە بەکاردەهێنرێ لە پێش ناوی نەژمێرراو ناوی ژمێرراو بۆ نمونە (دارەکە ، بیناکە ، کتێبەکە ، یاریگاکە ، ئاوەکە ، پارەکە...هتد)

Examples:

1-This is the book I bought yesterday.

2-He plays at the stadium.

3-I swam in the water.

ئێمە (the) بەکار دەهێنین :

1-لەپێش ناوێک کە تەنهایە و جۆرێکی تر لەوە نییە بۆ نمونە :

The river Nile

The Ka’aba

2-لەپێش ناوی ڕووبار و دەریاکان و دەریاچەکان و ....هتد بۆ نمونە :

PDF 4 KURD

The Arabian Gulf
The Red Sea

3-لەپێش ناوێک بەکاردەهێنرێ کە دەبێتە تەواوکەر (مفعول به) لە ڕستەدا بۆ نمونە :

Umar answered the question.

4-لەپێش ناوی هەندێک ئامێری مۆسیقی بەکار دەهێنرێ بۆ نمونە :

Can you play the duff?

5-بەکاردەهێنرێ لەپێش ناوی هەندێک ولاتەوە بۆ نمونە :

The United Kingdom
The U.S.A.

6-بەکاردەهێنرێ لەگەڵ هەندێک گوزارشت کە باسی کات دەکات بۆ نمونە :

at the weekend
in the evening

7-لەگەڵ بەروار (تأريخ) دا بەکاردەهێنرێ بۆ نمونە :

On the first day of every month.

8-لەگەڵ هەندێک گوزارشتی گشتی دا بەکاردەهێنرێ بۆ نمونە :

Listen to the radio/news.
Go to the market/desert.

9-بەکاردەهێنرێ لەگەڵ ناوێک کە دووبارە باس دەکرێتەوە بۆ نمونە :

I saw a man. The man was young.

10-هیچ ئامراز (أداة) ێک بەکارناهێنرێ لەگەڵ ناوی بابەتی خوێندن بۆ نمونە :

I do not like science. My favorite subject is mathematics.

PDF 4 KURD

11-هیچ (أداة) ێک بەکارناهێنرێ لەپێش ناوێکی دیاری کراو بۆ نمونە : قوتابخانە ، ماڵ ، جێگای نوستن ، ئیش ....هتد :

I am going to school.
I always go to bed early.

12-هیچ (أداة) ێک بەکارناهێنرێ لەگەڵ ناوێکی دیاری کراو بۆ نمونە : ناوی ڕۆژەکان و مانگەکان

on Monday, in June
in summer (sometimes in the summer).
before breakfast.

9- Pronoun (p.) ڕاناو (جێناو)

ڕاناو (جێناو) بەکاردەهێنرێ لە جێگای ناو لە ڕستەدا یان لەجیاتی گرێیەکی ناوی دێت لە ڕستەدا بۆ ئەوەی خۆمان ڕزگار بکەین لە دووبارەبوونەوەی ناوەکە یان گرێ ناوییەکە ، وە ڕاناوەکان جۆریان زۆرە ، لێرەدا هەندێکیان دەنوسین کە پێویستە بیان زانین ، وە سەرەتا ڕاناوی بکەر (subject) دەنوسین پاشان گۆڕینی بۆ ڕاناوی تەواوکەر (object) وە پاشان گۆڕینی بۆ ڕاناوی خاوەنداری (possessive) پاشان گۆڕینی بۆ ڕاناوی خۆیەتی (Reflexive pronouns) ، وە فێرخواز زۆر پێویستە ئەوانە بزانێت.

n.	Pronoun (subject) ڕاناوی بکەر	Pronoun (object) تەواوکەر (مفعول بە)	Possessive Adjectives سیفەتی خاوەنێتی	Possessive Pronouns ڕاناوی خاوەنێتی (هەیی)	Reflexive pronouns ڕاناوی خۆیەتی
1	I من	me	my	mine هی ی من	myself
2	we ئێمە	us	our	Ours هی ی ئێمە	ourselves

PDF 4 KURD

3	he ئەو (نێر)	him	his	his هی ی ئەو (نێر)	himself
4	she ئەو (مێ)	her	her	hers هی ی ئەو (مێ)	herself
5	it ئەو (نەفام ، بێ گیان)	it	its	its هی ی ئەو (نەفام ، بێ گیان)	itself
6	you تۆ ، ئێوە	you	your	yours هی ی تۆ ، هی ی ئێوە	yourself, yourselves
7	They ئەوان	them	their	theirs هی ی ئەوان	themselves
8	Ari	Ari	Ari's		-
9	worker	worker	worker's		-
10	workers	workers	workers'		-

بەکارهێنانەکانی ڕاناوەکان

1-ڕاناو بەکاردەهێنین لەجیاتی ناو ، لەکاتێکدا دەزانین کە ئەو کەسە کێیە یان دەربارەی چ شتێک قسە دەکەین بۆ نمونە :

Ali is a good student. He passes all his tests.

2-ڕاناوی تەواوکەر (مفعول بە) بەکاردەهێنین :

أ-لەدوای ئامرازی پەیوەندی (حرف جر) بۆ نمونە :

Do you live near them?
Send the box directly to me.

PDF 4 KURD

ب-لەدوای (to) و (for) بەکاریدەهێنین لەگەڵ فرمانەکانی (make, give, send, lend, pass, take, show) بۆ نمونە :

The little boy made it for her.

3-ڕاناوی خۆیەتی بەکار دەهێنین :

أ- بۆ دووپات کردنەوە (للتأكيد) بۆ نمونە :

Did you do the decorations yourself?
I did the painting myself.

ب-لەگەڵ هەندێک گوزارشت (تعابير) ی تایبەت بۆ نمونە :

Help yourself.
Enjoy yourself.
Behave yourself.
I live by myself. (I live alone)

4-ڕاناوی پەیوەندی (ضمائر الوصل) (relative pronouns) بەکاردەهێنین بۆ بەیەکەوە بەستنی ڕستەکان ، وە بۆ بەستنەوەی ڕستەکان بەیەکەوە ئەم هەنگاوانە بنێ :

أ-دەگەڕێین لەدوای وشەی دووبارە لە ڕستەی دووەم پاشان دەگەڕێین لە شوێنەکانیان ئەگەر بکەرێکی ژیر (عاقل) بێت ئەوا (who) بەکار بهێنە ، وە ئەگەر تەواوکەر (مفعول به) یّکی ژیر (عاقل) ئەوا (whom) بەکاربهێنە ، وە ئەمە دەناسینەوە بە بوونی وشەکەی دوای فرمانەکە ، وە ئەگەر ژیر نەبوو (غير عاقل) ئەوا (which) بەکاربهێنە ، وە وشەی (that) بەکاردەهێنین لەجیاتی هەر وشەیەک لەو شانەی سەرەوە جگە لەوەی بەباشی نازانین بەکاربهێنرێ لە هەموو ڕستەیەکدا ، وە ئەگەر بۆ خاوەنێتی بوو ئەوا (whose) بەکاربهێنە .

ب-وشە دووبارەکە بسڕەوە لە ڕستەی دووەمدا وە ئەو ناوە دابنێ کە سڕیتەوە بە هەمان شێوە لە ڕستەی یەکەمدا .

PDF 4 KURD

Who (بۆ بکەری ژیر) التی ، الَّذِي ، کەوا ، کە

ڕاناوی (who) بەکاردەهێنین لە شوێنی بکەری ژیر ، وە بەدڵنیاییەوە بکەرەکە دەناسین بە هۆی ڕستەی یەکەمەوە ، سەرنجی ئەم دوو ڕستەیەی لای خوارەوە بدە :

Here is the man. The man is a doctor.

وشەی (the man) دەسڕینەوە لە ڕستەی دووەمدا وە ڕاناوی (who) دادەنێین لە جێگایدا ، پاشان پاشماوەی ڕستەی دووەم دەنوسینەوە لەدوای وشە لابراوەکەدا (the man) وە بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێ دێت :

Here is the man who is a doctor.

سەرنجی هەندێک نمونەی تر بدە کە چۆن دەگۆڕرێن :

1)The man came here. The man was a doctor.
The man who was here is a doctor
2)My friend swims well. He lives here.
My friend who lives here swims well.

Whom (بۆ تەواوکەری ژیر) التی ، الَّذِي ، کەوا ، کە

ڕاناوی (whom) بەکاردەهێنین لە شوێنی تەواوکەری ژیر ، وە بەدڵنیاییەوە تەواوکەرەکە دەناسین بە هۆی بوونی لەدوای فرمانەکەوە ، سەرنجی ئەم دوو ڕستەیەی لای خوارەوە بدە :

The man came here. I visited him

وشەی (him) دەسڕینەوە لە ڕستەی دووەمدا وە ڕاناوی (whom) دادەنێین لەسەرەتای ڕستەی دووەمدا ، پاشان ناوی پەیوەندیدار (موصول) و ڕستەی دووەم دەنوسینەوە لەدوای ئەو وشەیەی کە سڕیمانەوە بە هەمان شێوە (کەوا ڕاناوەکەی بۆ دەگەڕێتەوە) وە بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێ دێت :

The man whom I visited came here.

سەرنجی هەندێک نمونەی تر بدە کە چۆن دەگۆڕرێن :

1)The man was working with me. I paid him.
The man whom I paid was working with me.

PDF 4 KURD

2)This is the girl. You gave her a flower.
This is the girl whom you gave a flower.

Which (بۆ بکەری بێ گیان و تەواوکەری بێ گیان) کە ، کەوا ، الَّذِي ، التي

ڕاناوی (which) بەکاردەهێنین لە شوێنی بکەری ناژیر (غیر العقل) و تەواوکەری ناژیر (غیر العاقل) ، وە بەدڵنیاییەوە بکەرەکە دەناسینەوە بە هۆی بوونی لە سەرەتای ڕستەکەوە ، بەڵام تەواوکەر لەدوای فرمانەوە دێت ، سەرنجی ئەم دوو ڕستەیەی لای خوارەوە بدە :

He found his book. He lost it yesterday.

دەبینین وشەی (his) دانیشتووە و لکاوە بە وشەی (his book) دەیسڕینەوە وە لە جێگایدا (which) بەکاردەهێنین لە سەرەتای ڕستەی دووەمدا پاشان ناوی پێکەوەلکاو و ڕستەی دووەم لەدوای ئەو وشەیەی کە سڕیمانەوە و لامان برد بە هەمان شێوە (کەوا ڕاناوەکەی بۆ دەگەڕێتەوە) وە بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێ دێت :

He found his book which he lost yesterday.

سەرنجی هەندێک نموونەی تر بدە کە چۆن دەگۆڕرێن :

1)This is the house. I live in it.
This is the house which I live in.
2)This book is cheap. It is very useful.
This book which is very useful is cheap.

that (بۆ بکەر و تەواوکەری ژیر و ناژیر) کە ، کەوا ، الَّذِي ، التي

ڕاناوی (that) بەکاردەهێنین لە شوێنی بکەر و تەواوکەری ژیر و ناژیر ، وە لە شوێنی هەریەکێک لەو ڕاناوانەی کە لەوەوپێش ڕوونمان کردووە دادەنرێت کە ڕاناوەکانیش بریتی بوون لە (who, whom, which) سەرنجی ئەم دوو ڕستەیەی لای خوارەوە بدە :

This is the boy. You met her.
This is the boy that (whom) you met.
I have a bird. It sings.
I have a bird that (which) sings.

PDF 4 KURD

whose (بۆ خاوەنێتی) که ، کەوا ، الَّذِي ، التی

ڕاناوی (whose) بەکاردەهێنین بۆ خاوەنێتی ، سەرنجی ئەم دوو ڕستەیەی لای خوارەوە بدە

This is the man. His car hit the boy.
This is the man whose car hit the boy.

ئێمە وشەی (car) مان هەیە کە خاوەنەکەی بریتییە لە (the man) ، ڕاناوی خۆیەتی (his) دەسڕینەوە و لای دەبەین و لەجیاتی ڕاناوی (whose) بەکاردەهێنین پاشان لەدوای ڕاناوی (whose) وشەی (car) دادەنێین .

چۆنێتی دروستکردنی پرسیار

ئەم بابەتە لەوەوپێش باس کراوە ناوبەناو واتە بەشێوەیەکی بەسەریەکەوە باس نەکراوە ، بەڵام لێرەدا دووبارەیان دەکەینەوە و بەتێروتەسەلی (إن شاء الله) ڕوونی دەکەمەوە .

1-ئەگەر فرمانی یاریدەدەر هەبوو لە ڕستەکەدا ئەوا بۆ گۆڕینی ڕستەی هەواڵی (خبری) ی ڕانەبردوو بۆ ڕستەی پرسیاری ئەوا فرمانی یاریدەدەر دەخەینە سەرەتاوە ، وە فرمانە یاریدەدەرەکانیش ئەمانەن :

am, is, are, was, were, have, has, had, will, would, shall, should, can, could, may, might, must, ought to

Examples:

ڕستە	کاتێک دەیکەین بە پرسیاری دەبێت بە
They are doctors.	Are they doctors?
She can help us.	Can she help us?
I will go to the market.	Will you go to the market?

2-ئەگەر لە ڕستەکەدا فرمانی یارمەتیدەر نەبوو ئەوا :

أ-ئەگەر کاتی ڕستەکە ڕانەبردووی سادە بوو و بکەرەکەی یەکێک بوو لە (I, you, we, they, plural subject) ئەوا بە فرمانی (do) پرسیار دروستدەکەین بۆ نمونە :

PDF 4 KURD

ڕستە	کاتێک دەیکەین بە پرسیاری دەبێت بە
They play tennis.	Do they play tennis?
I write books.	Do you write books?

ب-ئەگەر کاتی ڕستەکە ڕانەبردووی سادە بوو و بکەرەکەی یەکێک بوو لە (he, she, it, singular subject) ئەوا بە فرمانی (does) پرسیار دروستدەکەین بۆ نمونە :

hmed plays tennis. Does Ahmed play tennis?
Huda watch TV. Does Huda watch TV?

ج-ئەگەر کاتی ڕستەکە ڕابردووی سادە بوو و بکەرەکەی هەر بکەرێک بێت ئەوا بە فرمانی (did) پرسیار دروستدەکەین بۆ نمونە :

They watched TV last night.
Did they watch TV last night?
I played football yesterday.
Did you play football yesterday?

تێبینی : ئەو سێ لقە (أ ، ب، ج) وەڵامەکانیان بە (yes) یان (no) دەبێت چونکە ڕستە پرسیارییەکان بە وشەی پرس دەستیان پێنەکردووە .

Wh questions

ئەگەر مەبەست لە پرسیار کردنەکە پێدانی زانیارییەکی دیاریکراو بێت ، ئەوا پێویستە پرسیارەکە دەست پێبکات بە یەکێک لەم وشە پرسانەی خوارەوە کە پێیان دەوترێ (wh questions) .

ژ	وشەی پرس	شێوازی خوێندنەوەکەی	واتاکەی	بۆچی مەبەستێک بەکاردەهێنرێ
1	where	/weə/	لەکوێ ، بۆ کوێ	بۆ پرسیار کردن لە شوێن
2	when	/wen/	کەی	بۆ پرسیار کردن لە کات

PDF 4 KURD

3	why	/wai/	بۆچی	بۆ پرسیار کردن لە هۆکار
4	what	/wɒt/	چی ، چ	بۆ پرسیار کردن لە شتێک
5	which	/witʃ/	کام ، کامە	بۆ هەڵبژاردن لەنێوان دوو شتدا
6	who	/hu:/	کێ	بۆ پرسیار کردن لە بکەری ژیر
7	whom	/hu:m/	کێ	بۆ پرسیار کردن لە تەواوکەری ژیر
8	whose	/hu:z/	هی ی کێ	بۆ پرسیار کردن لە خاوەنێتی
9	how	/haʊ/	چۆن	بۆ پرسیار کردن لە چۆنێتی
10	how many	/haʊ meni/	چەند ژمارە	بۆ پرسیار کردن لە
11	how much	/haʊ mʌtʃ/	چەند ، چەندێتی	بۆ پرسیار کردن لە ژمارە
12	how long	/haʊ lɒŋ/	بۆ ماوەی چەند	بۆ پرسیار کردن لە چەندێتی
13	how old	/haʊ əʊld/	تەمەن چەندە	بۆ پرسیار کردن لە تەمەن
14	how far	/haʊ fɑ:/	چەند دوورە	بۆ پرسیار کردن لە دووری (مسافة)

Steps for Making a Question
هەنگاوەکانی دروستکردنی پرسیار

1-وشەی پرسی گونجاو هەڵبژێرە بۆ ئەو شتەی کە دەتەوێت پرسیاری لێ بکەیت بۆ نمونە : (when, where, why...etc.) .

2-فرمانی یاریدەدەر (helping verb) ئەگەر هەبوو بیخەرە پێش بکەرەوە واتە ڕاستەوخۆ بیخەرە دوای وشە پرسەکەوە.

3-ئەگەر لە ڕستەکەدا فرمانی یاریدەدەر نەبوو ، ئەوا :

أ-ئەگەر کاتی ڕستەکە ڕانەبردووی سادە بوو و بکەرەکەی یەکێک بوو لە (I, you, we, they, plural subject) ئەوا بە فرمانی (do) پرسیار دروستدەکەین

ب-ئەگەر کاتی ڕستەکە ڕانەبردووی سادە بوو و بکەرەکەی یەکێک بوو لە (he, she, it, singular subject) ئەوا بە فرمانی (does) پرسیار دروستدەکەین

PDF 4 KURD

ج-ئەگەر کاتی ڕستەکە ڕابردووی سادە بوو و بکەرەکەی هەر بکەرێک بێت ئەوا بە فرمانی (did) پرسیار دروستدەکەین

3-بکەر دابنێ لەدوای فرمانی یارمەتیدەرەکەوە لەگەڵ تێبینی ئەوەی کە فرمانی سەرەکی ڕستەکە دەگەڕێنینەوە بۆ چاوگ (base) .

4-ئەو شتە بسڕەوە کە دەتەوێت پرسیاری دەربارە بکەیت ، چونکە ئەوە وەڵامەکەیە .

Example:
1-They are going to eat meat.
2-What are they going to eat?
3-What are the girls doing?

تێبینی ئەوە بکە لەو نمونەیەی پێشەوە کە فرمانی یارمەتیدەری (are) مان خستە پێش بکەری (they) ، وە وشەی (meat) مان لابرد چونکە وەڵامی پرسیارەکەیە .

-They played tennis at school.
-Where did they play tennis?

تێبینی ئەوە بکە لەو نمونەیەی پێشەوە کە فرمانی یارمەتیدەری (did) مان بەکارهێنا چونکە فرمانی ڕستەکە ڕابردووە (played) ، وە فرمانی سەرەکی ڕستەکەمان خستەوە سەر شێوە بنەڕەتییەکەی خۆی کە چاوگە (base) ، وە وشەی (at school) مان لابرد چونکە وەڵامی پرسیارەکەیە .

Other examples:
1-Where are you going?
2-What are they doing?
3-what is he drinking?

تێبینی : لەکاتی دروستکردنی پرسیاردا هەندێک ڕاناو دەگۆڕین کە زۆر پێویستە بیان زانین بۆ نمونە :

ڕاناو پێش گۆڕینی بۆ پرسیارکردن	ڕاناو دوای دروستکردنی پرسیار
I	you
you	I
we	you

PDF 4 KURD

my	your

تێبینی : لەکاتی پرسیار کردن لە بکەر ئەوا فرمانی یاریدەدەر بەکارناهێنین بەڵکو وشەی پرس بەکاردەهێنین ، وە وشەی پرسی (who) بەکاردەهێنین بۆ بکەری ژیر ، وە وشەی پرسی (what) بەکاردەهێنین بۆ بکەری بێ گیان یان ناژیر بۆ نمونە :

Ahmed broke the window. — Who broke the window?
The book describes accidents. — What describes accidents?

بەکارهێنانەکانی How

1-(how) بەکاردەهێنرێ بۆ حاڵەت و چۆنێتی بۆ نمونە :

He was very pleased to meet his friend.
How was he to meet his friend?

2-(how many) بەکاردەهێنرێ بۆ پرسیار کردن لە ژمارە بۆ نمونە :

Thirty boys are in this class.
How many boys are in this class?

3-(how much) بەکاردەهێنرێ بۆ پرسیار کردن لە چەندێتی بۆ نمونە :

You paid five pounds for this coat.
How much did you pay for this coat?

4-(how old) بەکاردەهێنرێ بۆ پرسیار کردن لە تەمەن بۆ نمونە :

I am twenty years old.
How old are you?

5-(how far) بەکاردەهێنرێ بۆ پرسیار کردن لە دووری (مسافة) بۆ نمونە :

It is 450 KM from Dammam to Riyadh.
How far is it from Dammam to Riyadh?

PDF 4 KURD

6-(how long) بەکاردەهێنرێ بۆ پرسیار کردن لە درێژی بۆ نمونە :

This rope is two meters long.
How long is this rope?

7-(how high) بەکاردەهێنرێ بۆ پرسیار کردن لە بەرزی (ارتفاع) بۆ نمونە :

This fence is four meters high.
How high is this fence?

8-(how tall) بەکاردەهێنرێ بۆ پرسیار کردن لە بەرزی باڵای مرۆڤ بۆ نمونە :

Sami is meter and a half tall.
How tall is Sami?

Making Negative دروستکردنی نەرێ

ئەم بابەتەش لە هەندێک لە بەشەکاندا باس کراوە جیابەجیا ، بەڵام لێرەدا بەسەریەکەوە دەیان نوسم (إن شاء الله) .

1-بۆ گۆڕینی ڕستەی خەبەری (ڕابردوو و ڕانەبردوو) ئەوا (not) بخەرە دوای فرمانە یاریدەدەرەکە ، وە فرمانە یارمەتیدەرەکانیش بریتین لە :

am, is, are, was, were, have, has, had, will, would, shall, should, can, could, may, might, must, ought to

some examples:

They are happy.	They are not happy?
He can help us?	He can not help us?

وا لە خوارەوەش هەندێک شێوازی کورتکردنەوە بۆ ئەرێ و نەرێ دەنوسم :

لە (نەرێ) دا		لە (ئەرێ) دا	
long forms	short forms	long forms	short forms

PDF 4 KURD

Iam	I'm
she is	she's
he is	he's
it is	it's
you are	you're
we are	we're
they are	they're

Iam not	I'm not
she is not	she's not
he is not	he's not
it is not	it's not
you are not	you're not
we are not	we're not
they are not	they're not

ئەگەر لە ڕستەکەدا فرمانی یارمەتیدەر نەبوو ئەوا بە هۆی یەکێک لە فرمانە یاریدەدەرەکانی (do, does, did) ەوە دوای دانانی (not) لەدوایانەوە دەیکەین بە نەرێ ، پاشانیش فرمانی سەرەکی ڕستەکە دەخەینەوە سەر شێوەی چاوگ (infinitive)

تێبینی : ئەگەر ئەم وشانەی خوارەوە هەبوو لە ڕستەی ئەرێدا کە لە خشتەکەدا ئاماژەیان پێکراوە ، ئەوا بۆ گۆڕینیان بە نەرێ هەندێک گۆڕانکاری ڕوودەدات

ئەرێ	کاتێک دەیکەین بە نەرێ دەبێت بە
some	no, any
both……and	neither……..nor
either…..or	neither…………nor
sometimes	never
as……..as	not so……..as
all	not all
every	no, not every

as……as

ئەم بابەتە ماناکەی بریتییە لەوەی کە شتێک بەتەواوی لە شتێک دەچێت ، وە بەکاردەهێنرێ لەکاتی بوونی یەکسانی لەنێوان دوو تایبەتمەندیدا بۆ نموونە :

Ali is as tall as his brother.
This bag is as big as my bag.
Ahmed drives as dangerously as his brother.

PDF 4 KURD

not as....as

ئەم بابەتە ماناکەی بریتییە لەوەی کە شتێک لە شتێک ناچێت ، وە بەکاردەهێنرێ لەکاتی نەبوونی یەکسانی لەنێوان دوو تایبەتمەندیدا بۆ نمونە :

Ali is not as tall as his brother.
This bag is not as big as my bag.
Hamad does not drive as dangerously as his brother.

Tag questions (الأسئلة المذيلة) کلکە پرسیار

ئەم جۆرە لە پرسیار کلکە پرسیاری لێ دروست دەکرێت وە مانای (ئایا وانییە؟ یان وا نییە؟) دەگەیەنێت ، وە کلکە پرسیار گوزارشت دەکات لە پرسیاری کورتکراوە وە ڕستەیەکی هەواڵی لە پێشیەوە دێت ، وە ئەم جۆرە لە پرسیار پێچەوانەی ڕستەکە ناکات لە ڕووی (ئەرێ) و (نەرێ) وە ، وە ئەو ڕستەیەی کە لەپێش کلکە پرسیارەکەوە دێت ئەرێ بێت ئەوا کلکە پرسیارە نەرێ دەبێت ، وە ئەو ڕستەیەی کە لە پێش کلکە پرسیارەکەوەیە نەرێ بێت ئەوا کلکە پرسیارەکەمان ئەرێ دەبێت ، وە وەڵامی کلکە پرسیار بە پێچەوانەی کلکە پرسیارەکەوە دەبێت لە ڕووی (ئەرێ) و (نەرێ) وە ، ئەگەر کلکە پرسیارەکە نەرێ بێت ئەوا وەڵامەکەی بە ئەرێ دەبێت ، وە ئەگەر کلکە پرسیارەکە ئەرێ بوو ئەوا وەڵامەکەی بە نەرێ دەبێت ، وە ئەم جۆرە کلکە پرسیارە زۆر بەکاردەهێنرێ لە کاتی قسە کردن لە زمانی ئینگلیزیدا.

Examples:
1-There is a supermarket near here, isn’t there?
Yes, there is.

لەو ڕستەیەی سەرەوەدا کە پێش کلکە پرسیارەکە کەوتووە دەبینین (ئەرێ) یە لەبەر ئەوە کلکە پرسیارەکە بە نەرێ دەبێت وە وەڵامەکەشی بە ئەرێ دەبێت ، وە لە ڕستەکەدا فرمانی یاریدەدەرمان هەیە و دامان ناوەتەوە لە کلکە پرسیار و وەڵامی کلکە پرسیارەکەدا.

2-You come from the United States, don’t you?

PDF 4 KURD

Yes, I do.

لەو ڕستەیەی سەرەوەدا کە پێش کلکە پرسیارەکە کەوتووە دەبینین (ئەرێ) یە لەبەر ئەوە کلکە پرسیارەکە بە نەرێ دەبێت وە وەڵامەکەشی بە ئەرێ دەبێت ، وە لە ڕستەکەدا فرمانی یاریدەدەرمان نییە تاوەکو دایبنێینەوە لە کلکە پرسیار و وەڵامی کلکە پرسیارەکەدا ، لەبەر ئەوە زەمەنی ڕستەکە ڕانەبردووی سادەیە و بکەرەکەشی بریتییە لە (I) و لەگەڵ ئەو بکەرەشدا فرمانی یاریدەدەری (do) بەکاردەهێنین ، وە بۆ کاتەکانی تریش لە خوارەوە بە نمونەی تر ڕوونکراونەتەوە کە پێویستە تێیان بگەین.

3-You don’t come from Saudi Arabia, do you?
No, I don’t.
4-It doesn’t take long time be car, does it?
No, it doesn’t.
5-You didn’t travel last year, did you?
No, I didn’t.
6-He plays football, doesn’t he?
Yes, he does.
7-We visited our daughter, didn’t we?
Yes, you did.

Type of sentences جۆرەکانی ڕستە

1-Simple sentences ڕستەی سادە

2-Compound sentences ڕستەی لێکدراو (تێکەڵ) (مرکب)

3-Complex sentences ڕستەی ئاڵۆز

1-Simple sentences ڕستەی سادە

ئەو ڕستەیەیە کە پێکدێت لە تەنها یەک فرمان لەناو ڕستەکەدا

PDF 4 KURD

Examples:

1-I saw a boy.

2-The boy was riding a bicycle.

دەتوانرێ دوو ڕستە بەیەکەوە ببەسترێن بۆ ئەوەی ببێتە ڕستەیەکی سادە و تەنها یەک فرمانیشی تیادایە

Example:

I saw the boy riding the bicycle.

2-Compound sentences ڕستەی لێکدراو (تێکەڵ) (مركب)

ئەو ڕستەیەیە کە پێکدێت لە دوو ڕستەی سادە وە بە هۆی ئامرازێکەوە بەیەکەوە دەبەسترێن ، وە بۆ هەر ڕستەیەکیان مانایەکی تەواوی خۆی هەیە کە بە هۆی یەکێک لەم ئامرازانەوە (and, but, or) بەیەکەوە دەبەسترێن

1- (and) دوو ڕستە بەیەکەوە دەبەستێت و پەیوەندی نێوانیشان دەردەخات کە پەیوەندییەک هەیە لەنێوان دوو ڕستەکەدا

Example:

Ahmad did his work and Anas helped him.

2-(but) دوو ڕستە بەیەکەوە دەبەستێت لە دوو شتی جیاواز یان پێچەوانەدا

Example:

Khalid is rich but he is unhappy.

3- (or) دوو ڕستە بەیەکەوە دەبەستێت کە هەڵبژاردن هەیە لە کردنی ئەو دوو کارەدا

Example:

We can play football or we can watch TV.

PDF 4 KURD

3-Complex sentences رستەی ئاڵۆز

ئەو ڕستەیەیە کە پێکدێت لە زیاتر لە فرمانێک وە پێکهاتووە لە دوو ڕستە:

1-Main clause (أساسی) ڕستەی بنەڕەتی

2-Suboridinate clause ڕستەی لاوەکی کە پێک دێت لە سێ جۆر

a- Noun clause ڕستەی ناوی

b- Adjectival clause ڕستەی ئاوەڵناوی

c- Adverbal clause ڕستەی ئاوەڵفرمانی

Clause and Phrase (الجملة و شبه الجملة) ڕستە و نیمچە ڕستە

1-ڕستە (clause) بریتییە لە پێکەوە بەستنی چەند وشەیەک کە فرمانێکی تیادایە و مانایەکی تەواوی هەیە

Example:

